**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار/٧**

**مێژووی بڕیار/١١/٨/١٩٩٢**

**٢٠/ی خەرمانان/٢٦٩٢**

## «بڕیار»

بەپێ ی حوکمەکانی برگە/١ـ ی مادده/٥٦ـ ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە/١ـ ی سالّی/١٩٩٢. ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٠/٨/١٩٩٢ دا ئەو بڕیارەی خوارەوەی داوە.

هەموو (معاملات)ی کرین وفرۆشتنی مالّ وموڵکی نەگوێزراوەی لێپرسراوانی پێشووی رژێمی عێراق ئەوانەی لە کاتی ڕاپەرینە مەزنەکەو لەدوای ئەویشدا چوونەوە پالّ رژێم هەڵدەوەشێندرێتەوە هەتا کاتی دانانی یاسایەک کە چۆنیەتی دەسکاری کردنی ئەو مالّ وموڵکە دەست نیشان ئەکات.

لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

لەڕۆژی ١١ـ ی ئابی سالّی/١٩٩٢ز، ڕێکەوتی ٢٠/ی خەرمانانی سالّی ٢٦٩٢ کوردی لە هەولێر نووسراوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**